## بەرنامەی کارەبا

ئایا حەزدەکەیت کارێک بکەی لە پیشەیەک بەردەوام پێش دەکەوێت؟
ئایا حەزدەکەیت کاربکەی یان بخوێنی لە وولاتانی تر؟
ئایا حەزدەکەیت دوای کارێک بکەوی یەکسەر لە دوای خوێندنی دواناوەندی؟
ئایا حەزدەکەیت هەلیکی چاک بە دەست بێنی بو ئەوەی دەست پێ بکەی لە کومپانیایەکی تایبەت بە خۆت لە ئایندە؟
ئایا حەزدەکەیت کاربکەی لەگەڵ شتێک کە کاریگەری هەبێت لە سەر هەمو کومەلگا کەمان؟
کە واتە لە وانەیە بەرنامەی کارەبا گونجاو بێت بۆت.

لە بەرنامەی کارەبا فێری بناغەی بو ژمارەیەکی زۆر لە کارەکان ببی لە بواری پیشەیەک بە بەردەوامی پێش بکەویت. بیری خۆت بکە بەو ئاستەی کە کاریگەری لە ژیانت بکات کە پەیوەندی بە کارەباوە هەبێت! لەو کاتەدا ئاستی فراوانی ئەم پیشەیە تێ دەگَەی. کەواتە هەلیکی زور گەورە بە دەست دێنی بو ئەوەی فێری ئەو ئیشەی ببی کە گونجاو بیت بۆت. هەروەها لە هەمان کات فێری هاوکاری کردن لەگەڵ خەلکی تر دەبی. لێرەدا فێری شتەکان دەبی وەک بناغەکانی پیشە، ئاسایش، وردی و چونیەتی پێشکەشکردنی خزمەت گوزاری.

لەگەڵ کارەبا وەک بناغەیەک دەتوانی کاربکەی لە هەر جێگایەک لە جیهان، دەتوانی هەلبژێری لەنیوان گەران بە دوای کارێک یەکسەر دوای قۆناغی دواناوەندی یان بەردەوامی دان بە خوێندن.

### کارکردن یان بەردەوام بوون لە خوێندن

ئەگەر هات و بەرنامەی کارەبات هەلبژارت دەتوانی لە دوای کارێک بگەرێی یەکسەر لە تەواوکردنی قوتابخانەی دواناوەندی. جۆری کار کە دەتوانی لە دوای بگەریی ئەویش لە سەر ئەو بوارە دەوەستێت کە هەلتبژاردووە. هەندێ جار دەست دەکەی بەکار وەک مەشقپێکراوێک لەسەر پیشەکە بۆ ماوەی سالێک یان چەندین سال. مووچەی مەشقپێکراو لەسەر پیشەت پێدەبەخشری و کاردەکەیت لەگەڵ کەسانی مومارس لە پیشەکە تا لیانەوە فێر بیت. چونکە ئەم کەسانە شارەزایی تایبەتیان هەیە وکاردەکەن لە بواری تایبەتی یەکەت بۆ ماوەیەیکی درێژ.

هەروەها ئەگەر ویستت بەردەوامی بدەیە خوێندن لە دووای دواناوەندی. هەموو بوارە تایبەتەکانی لە بەرنامەی کارەبا هەلت دەداتێ بو بەردەوام بوون لە خوێندن. دەتوانی فێربوون لە پەیمانگایەکی خوێندنی بالا یان لە پەیمانگەیەکی پیشەیی بالا یان خوێندنی تایبەتکراو لە ناو پیشەدا هەلبژێری.

### ئەو کارانەی کە دەتوانی بەدەستی بێنی

کاتێک کە خوێندنت لە بەرنامەی کارەبا کوتایی پێ دێت دەتوانی لە دوای کارێک بگەریی وەک کارەبای پێشەسازی، ڕێکخەری ئامیری کومپیوتەر، چاک کەری کومپیوتەر، بەرێوبەری تۆر، کارەبایی، تەکنیکی ئامیری هۆزداری، تەکنیکی وزەی ئاو یان چارەسەرکەری پەیژەی کارەبایی.

ئەگەر بەردەوامی بە خوێندن لە دوای قوتابخانەی دوا ناوەندیت هەلبژارد، لەو کاتە هەلی گەورەت بو پەیدا دەبێت بو ئەوەی چەندین جۆری کار پەیدا بکەی. لێرەدا بە بەردەوامی کومەلگا پێویستی بە کارمەندانی زیرەک لە بواری کارەبایان هەیە.

ئەگەر هات و هەر لە ئێستا زانیت لەگەڵ چ شتیک دەوێ کار بکەی، قسە لەگەڵ سەرپەرشتی خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی بکە کە دەتوانیت یارمەتیت بدات بو هەلبژاردنی خولەکانی خوێندن و ریرەوی راست.

**ناوەڕۆکی بەرنامە**
بەرنامەی کارەبا پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێک لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە بۆ هەموو قوتابیان لە قوتابخانەکانی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولی تر هەیە کە تایبتمەندە بە بەرنامەی کارەبا. و هەندێک خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

بەرنامەکە چوار بواری تایبەتی نیشتمانی هەیە. بە واتا ئەو هەموو کەسانەی کە بەرنامەی کارەبا لە وولات هەمووی دەیخوێنن دەتوانن لە نێویاندا هەلبژێرن. لە هندێک ناوچە لە وانەیە چەندین بواری تایبەت هەبێت کە بگونجێت لەگەڵ تۆ بەتەواوی. پرسیار لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی بکە!

بوارە تایبەتی یەکانی نیشتمانی ئەمانن:

- بەکارهێنانی ئامیر – بو تو کە دەتەوێت کاربکەی بو نموونە لە بوارەکانی دابینکردنی پیشەسازی و بەرهەمی پیشەسازی، وەک تەکنیکی بەرهەم هێنان.
- تەکنیکی کومپیوتەر – بو تو کە دەتەوێت کاربکەی بو نموونە لە یەکێک لە بوارەکانی تەکنیکی کومپیوتەر، وەک رێکخەر لە نێوانی ئامیری کومپیوتەر یان بەرێوەبردنی تۆرەکان.
- ئەلکترونیەکان – بو تو کە دەتەوێت کاربکەی بو نموونە لەگەڵ خزمەت گوزاری و چارەسەری ئامیری ئەلکترونی یان لە بواری بەرهەمی ئەلکترونی.
- کارەبا – بو تو کە دەتەوێت کاربکەی لە بواری ئەندازیاری کارەبا، بو نموونە لەگەڵ پێک هاتەی کارەبایی یان تەکنیکی هوشداری.

**پەیوەندی بە ژیانی پراکتیکی**
لە بواری بەرنامەی کارەبا دەتوانی کارەکە لە کاتی خوێندن لە قۆناغی دواناوەندی تاقی بکەی بەلایەنی کەمەوە 15 هەفتە لە مەشق پێکردن دەست ئەکەوێت لە شوێنی کارکردن(APU). قوتابخانە هەلدەسێت بە هاوکاری کومپانیەکانی هەمە جور و شوینەکانی کار بە ئامادەکردنی شوێنی راهێنانی کار بۆت لەو ناوچەی کە تێدا دەژیت. ئەمەش ئامرازێکیی باشە یارمەتیت دەدات بتوانی پەیوەندی ببەستی کە ئەتوانی بەکاری بهێنی کاتی پێشکەش کردن بۆ کارمەندایتی لەپاشان. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە رێک بخرێت.

**ئایندەو هەلی کار**
لە سالەکانی دووایی پێویستیکی زۆر بە کارمەندانی کارەبا لە هەمو بوارەکانی کارەبا هەبوو. بەلام ژمارەیەکی زۆر لە وانەی هەستان بە خوێندنی کارەبا بو ئەوەی کارێک پەیدا بکەن. لە بەر ئەوە لەوانەیە توشی زەحمەت ببی بو ئەوەی کارێک دەست بکەوێ ئەگەر هاتو و بەرنامەی کارەبات هەلبژارد. هەلی پەیدا کردنت بو کارێک کاریگەر دەبیت بەو بوارە تایبەتەی کە هەلدەبژێری لە ناو بەرنامەکەدا، و خولە زیادەکانی تر کە هەلیاندەبژێری، بواری کار دەگورێت بە شێوەیەکی گەورە لە کاتێکی کورت لە بەر ئەوە زۆر زەحمەتە بلێین کەوا ئاسانە یان زەحمەتە کە کارێک بەدەست بێنی لە دوای چەند سالێک.